نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمان پێیامێکی بڵاوکردەوە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: داوا لە هەموو لایەکی دەکەم پابەندی یاسا و ڕێنماییەکانی کمیسێنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بن، بانگەشەیەکی ئارام و شارستانی بەڕێوە ببەن و بەرنامەی هەڵبژاردن کە جێی متمانە و چاوەڕوانیی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، پێشکێش بکەن.

لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتووە، دوای هەڵبژاردن براوەکان دەبێت جارێکی تر پێکەوە دابنیشنەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، ئەوانەی دەبنە ئۆپۆزیسیۆنیش، هەر دەبێت لەبواری یاسادانان و چاودێریکردندا، هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هەموو نەتەوە و ئایینەکان، ڕوویەکی گەش و بنەمایێکی بەهێزی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستانە، هەموومان پێکەوە، خاوەنی هەموو دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی کوردستانین. پاراستنی ئەو پێکەوەژیانە، ئەرکی هەموومانە، نێچیرڤان بارزانی وا دەڵێت.